تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5347) چوارشەممە 13ی ئەیلوول 2017 «16» لاپەڕە «500» دینار





## بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

### سەرۆک بارزانی بۆ پێکهاتەکانی کەرکووک:

# ڕێگە نادەین کەس ڕێگریی لە دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کەرکووک بکات

## لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک هەرێمی کوردستان مافی بەرگریکردن لە خۆی بەکاردەهێنێت

دوێنێ سێشەممە، بەڕێز مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی شاری کەرکووکی کرد و لەگەڵ سەرۆکهۆزە عەرەب و کوردەکان و پارێزگاری کەرکووک و نوێنەری تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو شارە کۆبوویەوە و لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند: هاتووین بۆ پارێزگای کەرکووک تا گوێ لە پێشنیازی هەمووان لەبارەی بڕیاری ڕیفراندۆم بگرین، کە ئەوە تەنها بڕیاری یەک گەل نییە، بەڵکو بڕیاری هەمووانە لە هەرێمی کوردستان بە سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان. سەبارەت هەڕەشە و هەڵوێستی ئەو لایەنانەی کە دژایەتی خواستی گەلی کوردستان دەکەن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین ڕێگریی بکات لە دانیشتوانی کەرکووک لەوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و دووپاتیشی کردەوە کە لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەک، هەرێمی کوردستان مافی بەرگریکردن لەخۆی بەکاردەهێنێت. سەرۆک بارزانی گوتیشی: کەس بوونی کوردی لە بەغدا لەژێر حکومڕانی دەوڵەتی تایەفی ناوێت و ئێمە ڕێز لە هەموو ئەو بۆچوونانە دەگرین کە لەگەڵ ڕیفراندۆمدا نین، بەڵام دەبێت ڕێز لە بڕیاری زۆرینەش بگرین. سەبارەت بە هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکووک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، سەرۆک بارزانی گوتی: دانیشتوانی کەرکووک تەنها خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن و ڕێگە نادەین کەس ڕێگریی لە دیاریکردنی چارەنووسییان بکات و لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک، هەرێمی کوردستان مافی بەرگریکردن لە خۆی بەکاردەهێنێت. هاوکات سەرۆک بارزانی سەبارەت بە بڕیاری ڕیفراندۆم گوتی: بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، دوای ئەوە هات کە هەموو ڕێگەیەک تاقیکرایەوە، بەڵام تەواوی هەوڵەکان بێسوود بوون. سەرۆک بارزانی بۆ ئامادەبوونی شاری کەرکووک دووپاتیکردەوە، هیچ حیکمەتێک لە دواخستنی ڕیفراندۆمدا نییە و لە کاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت و دوای ڕیفراندۆمیش گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەستپێدەکاتەوە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، ئەگەر ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ کرابا، کێشەکان چارە دەبوون، سەبارەت بەو هەڕەشانەی لە کورد دەکرێن، گوتی: نیەتی شەڕکردنمان نییە، بەڵام مافی بەرگری کردنمان هەیە، ئەوەی شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، دەبێ چاوەڕوانی وەڵامەکەشی بکات. سەبارەت بە دەستووری عێراق، گوتی: لە دەستووردا عێراقی یەکپارچە پێوەستە بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە و پێکەوەژیانیش ئارەزوومەندانەیە. ڕوونیشیکردەوە، هەندێکجار گوێبیستی هەڕەشەی منداڵانە دەبێت و گوتی: هەرچەندە گوێ بەو هەڕەشانە نادەین و ئامۆژگارییان دەکەین با سەیری ئەوانەی پێش خۆیان بکەن، لە شەڕدا چییان دەستکەوت. گوتیشی: کەرکووک و کەرکووکییەکان بڕیاری خۆیان دەدەن و هیچ کەسێک ناتوانێت خۆی بەسەر کەرکووک و پێکهاتە نەتەوەییەکانیدا بسەپێنێت. سەرۆک بارزانی سەبارەت بەو بۆچوونانەی کە لەگەڵ ڕیفراندۆم نین، گوتی: ئێمە ڕێز لە هەموو ئەو بۆچوونانە دەگرین کە لەگەڵ ڕیفراندۆمدا نین، بەڵام دەبێت ڕێزی زۆرینەی خەڵکی پارێزگاکەش بگیرێت کە ڕیفراندۆمیان دەوێت و کەرکووک هەمیشە وەک نموونەی شاری ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیان دەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: هەر کەسێک هەوڵی شێواندنی ئارامی هەرێمی کوردستان بدات، مافی ئەوەمان دەبێت بەرگریی لە خۆمان بکەین. سەبارەت بە کوردستانیبوونی شاری کەرکووک سەرۆک بارزانی گوتی: کوردستان بێ کەرکووک جەستەیەکی بێ دڵە و هەر هێز و لایەنێک بیەوێت بە زۆر خۆی بسەپێنێ و کەرکووک لە کوردستان دابڕێت، گەلی کوردستان تا دوایین کەس بەرەنگاری دەبێتەوە، کەرکووک ناسنامەی کوردستانییە، بەڵام شاری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانە و شوێنێکە بۆ پێکەوە ژیان و سیمبولی برایەتییە.



# پارتی و یەکێتی و گۆڕان گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی

## مەلا بەختیار: بۆچوونەکانمان هاوبەش بوون و گفتوگۆکانمان ئیجابی بوون

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانیان دا، دوێنێ سێشەممە، 2017/9/12 شاندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشەکان کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەکەش، مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندن ڕایگەیاند: کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لە نێوان سێ هێزی سەرەکی کوردستان ئەنجامدرا، هاوکات دەشڵێت: لە مێژووی ئەم سێ لایەنەدا بە تێپەڕاندنی کێشەکانی ڕابردوومان، ئەم کۆبوونەیە گرنگترین کۆبوونەوە بووە. سەبارەت بە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، مەلا بەختیار گوتی: ڕیفراندۆم و ئەو حەوت خاڵەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشکەشی هەموو لایەنەکانی کرد، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ پەسەندیان کرد. هاوکات مەلا بەختیار گوتیشی: پارتی واژۆی کرد، هەر ئەو حەوت خاڵەش بوو، لە کۆبوونەکەدا باس کرا و جەختی لەسەر کرایەوە کە لە لایەن بزووتنەوەی گۆڕانیش قبوڵ کرا. کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتیشی: لەسەر کۆی ئەم پرەنسیپانەی یەکڕیزی نیشتمانی و ڕیفراندۆم و کاراکردنەوەی پەرلەمان گفتوگۆمان کرد و بۆچوونەکانمان هاوبەش بوو، گوتیشی: ماوەتەوە سەر هەندێک مەسائیلی تەکنیکی، بەڵام هێشتا گفتوگۆ لە بارەی میکانیزمی ئەو 7 خاڵە ماوە، کە پێشتر یەکێتی بە پارتی و گۆڕانی داوە و ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان لە بارەی حەوت خاڵەکە ڕاگەیاندووە و واژۆیان کردووە. گوتیشی: بۆچوونەکان لە یەک نزیکبوون و گفتوگۆکانیش هێشتا کۆتاییان نەهاتووە و دوا قسە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو دواخراوە، هاوکات لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ڕایگەیاند کە هەر سێ لایەن گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی و لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری داهاتووشدا دەگەینە ڕێککەوتنێکی کۆتایی، بۆ ئەوەی دوایین قسەی لەسەر بکرێت. شایەنی باسە ئەو کۆبوونەوە سێقۆڵییە دوای ئەوە هات کە ماوەیەکە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرقاڵی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانن و ڕاوبۆچوونی جیاوازیش لەسەر ئەو پرسە هەیە، بە گوێرەی لێدوانەکانی مەلا بەختیار، لایەنەکان بە شێوە گشتییەکەی گەیشتوونەتە ڕێگەچارەیەک کە پەرلەمان کارابکرێتەوە و دۆخی سیاسی ئاسایی بێتەوە. هاوکات مەلا بەختیار ڕاشیگەیاند، بۆچوونەکانمان هاوبەشبوون و گفتوگۆکانمان ئیجابی بوون، گوتیشی: ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان هەڵسەنگاندنی وەک کەشی ئەمڕۆی کۆبوونەوەکە بێت زۆرباش بووە و ئومێد دەکەین بگەینە ڕێککەوتن و بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیە بۆ کارکردنی هاوبەش و پەرلەمان کارابکەینەوە.



## بڕیاری تاک لایەنە لە پەرلەمانی بەغدا

**سەلام عەبدوڵڵا**

دوێنێ 9/12 پەرلەمانی بەغدا بڕیارێکی تاک لایەنەی سەبارەت بە هەرێم و ڕیفراندۆم دا، بەبێ بەشداری فراکسیۆنە کوردییەکان، کە تێیدا ڕەفزی ڕیفراندۆم دەکەن و بە نادەستووری لە قەڵەم دەدەن و داوا دەکەن بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو میتۆدێک ڕێگری لێ بکرێ ئەمەش لە وڵاتێکدا کە بە حساب پەرلەمانی و فرەیی و فیدڕاڵییە!.

مافی گشتپرسی مافێکی ڕەوای هەرێمی کوردستانە کە ئەمڕۆش پەنا بۆ ئەو مافەی دەبات، لە ئەنجامی ئەو هەموو پێشێلکردنەی دەستووری عێراقییە کە لە دێباجەکەیدا بە ڕوونی دەڵێ: پاراستنی یەکگرتنی ئازادانە لە عێراق بەندە بە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە کە بە پراکتیک حکوومەت (55) بەندی ئەو دەستوورەی پێشێل و پشتگوێ خستووە.

ئەوەی ئێستا، لای هەمووان بەتایبەتی لای دانیشتوانی هەرێم ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەڕواو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە فرەیی و دیموکراتی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی دووردەکەوێتەوەو هەنگاوی گورج و خێرا بەرەو دەوڵەتێکی تیوکراتی و مەزهەبی دەنێت.

دیارە ئەو عەقڵیەتەی ئەمڕۆ لە عێراقدا حاکم و زۆرینەیە بە بەرنامە بەرەو بەجێهێنانی ئاواتە دژە دیموکراتیەکانی هەنگاو دەنێت، بۆیە کوردو پێکهاتەکانی تری نێو هەرێم لەوە زیاتریان لەبەردەستا نییە، جگە لە ڕیفراندۆم و بڕیاری سەربەخۆیی زیاتر کە ئێستا کات و بەرنامەی بۆ ئامادە کراوە کە لە ڕۆژی 9/25 ئەنجام دەدرێ.

ئەم بڕیارەی پەرلەمانی بەغداو دەسەڵاتدارانی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، چونکە ئەو پەرلەمانە ڕۆژێ لە ڕۆژان داکۆکی لە مافە خوراوەکانی گەلەکەمان نەکرد، بە پێچەوانە لە بڕیارە ناهەقیەکانی دەسەڵاتدارانیش وەکو بودجەو مووچە بڕین بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوو.

لەلایەکی تریشەوە هادی عامری کە سەرۆکی سوپای بەدرو سەرۆکی ئێستای حەشدی شەعبی-یە لە وتارێکیدا بە هەڕەشەوە دەڵێ: (نا بۆ هەرێم و نا بۆ دابەش بوون) و داوای عێراقێکی یەکپارچە دەکات کە خۆیان و مەزهەبەکەیان بەڕێوەی بەرن و بە ئاشکرا داوای نەهێشتنی هەرێمی فیدڕاڵ دەکات و دژی ئەم بە حساب سیستەمە فیدڕاڵیە دەوەستێتەوە کە لەو تێڕوانینەی دا بە تەنها نییە.

ئێمە کورد و هەموو پێکهاتەکانی هەرێم بەرەو ڕیفراندۆم دەڕۆین و گوێ بە هەڕەشەو گوڕەشەی ئەوانە نادەین.

هیوادارین پەرلەمانتارە کوردەکان کە فرمێسکی تیمساحییان بۆ عێراقێکی یەکگرتوو هەڵدەڕشت و ئەوانەی داوای دواخستنی ڕیفراندۆمیان دەکرد، بێنەوە هۆش، چونکە ئەوەتا پەرلەمانی بەغدا هیچ حسابی بۆ ئەو دڵسۆزییەیان نەکرد.

## پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا: بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی ڕیفراندۆمی کوردستان نایاساییە

دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پرێس کۆنفرانسێکدا دژایەتیی خۆیان بۆ بڕیارەکە دەربڕی. شاخەوان عەبدوڵا لە فراکسیۆنی پارتی ئاماژەی بەوە کرد کە پەرلەمانی عێراق هەڵەیەکی گەورەیان کرد، ئەو بڕیارە نایاساییەیان دەرکرد و ئێمە وەکوو کورد هیچ پێیەوەی پابەند نابین. هەروەها گوتی نابێ پرسێکی نیشتمانیی وەکوو ڕیفراندۆم بەبێ وەرگرتنی ڕای فراکسیۆنە کوردستانییەکان بڕیاری لەسەر بدرێت. دووپاتیشی کردەوە کە بڕیارەکەیان بڕیاری پێکهاتەی عەرەب بووە. ڕاشیگەیاند کە ئەوان داوایان کردووە بۆ ئەم پرسە، پەرلەمان لیژنەیەک بۆ گفتوگۆکردن لە هەرێمی کوردستان پێک بهێنن.

هاوکات ئاڵا تاڵەبانی لە فراکسیۆنی یەکێتی ڕایگەیاند ئێمە تا بۆمان بکرێت دژایەتیی ئەو بڕیارە دەکەین. ئەگەر پێداچوونەوە بە بڕیارەکەیان نەکەن.

3

### سەرنووسەری کوردستانی نوێ بۆ خەبات:

## پێویستە هەموو حزبەکان کار بۆ ئەوە بکەن دەنگی بەڵێ زۆر بێت

**خەبات: سەردار حوسێن- هاوار مورتکەیی**



ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: ئەمڕۆ کە پەنا بۆ ڕیفراندۆم دەبەین لەبەر ئەوەیە، کە کوردستانی ڕزگارکراو لە ژێر دەستی خۆماندایە و دەتوانین پیادەی ئەو مافەی خۆمان بەشێوەیەکی دیموکراسی بکەین، لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆم خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان. ستران عەبدوڵڵا بۆ خەبات گوتیشی: ڕیفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئێمە لە زووەوە ناومان لە شۆڕشی گەلی کورد ناوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. **دەقی دیمانەکە لە لاپەڕە 7 بڵاوکراوەتەوە.**